# چلوچوار ساڵ گفتوگۆ!

حەکیم کاکەوەیس
kakaways@hotmail.com

چەند جارێکە گوێم لە شانازییەک دەبێ کە بە زاری سەرکردە هەرە باڵاکانی کورددا دێ و وەک تفی شێخ، دەکەوێتە زاری دەزگا و پیاوانی ڕاگەیاندنەوە و ئەوانیش پەیتا پەیتا دەیجوونەوە و دەیڵێنەوە تا سەر لەبەری شەقامی کوردی پێ سڕ دەکەن و سەرجەمی میللەتێک لە خشتە دەبەن: "شانازی دەکەین کە کورد تا ئێستا تیرۆری نەکردووە... دەستی لە یەک خێزان نەوەشاندووە..." بەڵام باسی ئەوە لە ئارادا نییە ئاخۆ لە تۆڵەی خوێنی ئەوانەدا کە لە دوای ڕمانی بەعس تیداچوون چی کرا و چۆن پێش بە کۆرەوی چاوەڕوانکراو دەگرن کە هاکە زانیت لە کەرکووکەوە سەری هەڵدا... کەس نییە بڵێ: "بەوە زۆر شەرمەزارین ئەو هەموو ئێزدییە کوژران و هیچمان نەکرد... لە بری ئەوەی سوور بین لە سەر جێبەجێکردنی ماددەی 140، ئیعدامکردنی سوڵتان هاشم ڕادەگرین و بۆ ئەو قەسابخانەیەی لە ئیمام قاسمی کەرکووک بەرپا کرا، کرکە ناکەین!" ئەوانەی تفی تەسریحاتیش دەجوونەوە، خوا نەکا بە لای ئەو باسانەدا بچن. قەڵەمفرۆشی، لە هەموو سەردەمێکدا هەر قەڵەمفرۆشییە و وەفدی کوردستانیش هەتا ئێستا هەمان قوماری دۆڕاویان ئەنجام داوە!

من بەش بە حاڵی خۆم، دەستم ناچێتە مریشکێک و تا پێم کرابێ، پێم لە مێرووڵە نەناوە. بەڵام کە دەبینم سەرجەمی میللەتێک لە مەترسیدایە و بەرەو چارەنووسێکی تاریک و نادیار و ترسناک دەچێ، دەروونم دەبێتە ئاوێنە و ڕەنگی ڕوخساری بەعسی و گورگی بۆر و ئەو ئێرهابییانە دەداتەوە کە قەسابخانەیان لە ئیمام قاسمی کەرکووک و شەنگال بەرپا کرد. ئاخر بە چ لۆژیک و ئاین و مەزەب و بیرێکی مرۆڤانە وا لە گورگ دەکەی بەرخ نەخوا؟ ئاخر کامە مەلایەکەت دەنێریتە سەر بەرەی گورگ تا دەست لە گۆشتخۆریی هەڵگرێ؟ کەی تێدەگەین چارەسەری گورگ کوتەکە و هی دووپشکەش تاکە پێڵاوە، نەک نازڕاگرتن و دڵنەوایی و مامەحەمەیی؟ هەرچی دەکرێ لەگەڵ بەرەی تورکمانیدا کرا، کەچی ئەوان ناوی ڕێکخراوی خۆیان بە 59وە دەنێن و دەست لە هیچ شتێک ناپارێزن! مەشعان جبووری تێری خوارد ئەوجا لە کورد هەڵگەڕایەوە! چی ماوە و کی ماوە کورد سەری بۆ شۆڕ نەکردبێ و دەستی لە بنی هەمانەی بۆشەوە دەرنەچووبێ؟

تەماشای سەرجەمی مێژووی جەنگ بکە بزانە لە یەکێکیاندا بووە ژن و منداڵ قوربانیی سەرەکی نەبووبن؟ لە فتووحاتی ئیسلامیدا، کە ئەسحابە بەڕیوەیان دەبرد، دەیان هەزار ژنیان بە تاڵان نەبرد؟ لە هەردوو جەنگە گەورەکەی ئەورووپادا، زۆرینەی قوربانییەکان ژن و منداڵ نەبوون؟ کە مەلایەکەتە براوەکانی دووەم جەنگ بەرلینیان بۆردومان دەکرد، ئەو کۆشک و تەلارانەیان بۆردومان نەدەکرد کە پڕ بوون لە ژن و منداڵ؟ لە شەڕی بۆسنەدا، دەستدرێژی نەکرایە سەر بیست هەزار ژنە موسوڵمان؟ ئەدی ئەنفال! 182 هەزار کەسی بێ تاوان، زۆرینەیان ژن و منداڵ نەبوون؟ ئەرێ ژنە کورد بە مەشایەخی خەلیج و دەوڵەتی میسر نەفرۆشران؟ ئەرێ چۆنە وا ئێمەی کورد، نیو ملیۆن سەربازی کوردکوژمان بە ڕێز و حورمەتەوە بەڕێ کرد؟ چۆنە وا لە ساڵی 1961ەوە ئازارمان بە یەک خێزانی عارەب نەگەیاندووە؟ دیارە ئێمە لە سەرەوەی ئەسحابەداین و مەلایەکەتین و لە سەر باڵی هەوور دەژین! وەک لە بواری مرۆییدا کورد لە وێنەی نییە، لە بواری ژێردەستی و خۆخۆری و خیانەتکاریشدا لە وێنەی نییە! لە بواری بەخشندەییشدا، لە ئاستێکدایە "شار" دەبەخشێ، "شار"! کە شۆڕش دەکەین، بە ناوی کوردایەتییەوە خیانەت دەکەین. کە خیانەت دەکەین، ناوی دڵسۆزی بۆ دادەهێنین. جاش، جاشی خواسایی دڵسۆزی لە کارەکەیدا دەدۆزێتەوە و دەڵێ: ئەوەندە و ئەوەندەم ڕزگار کردا... ڕاستیش دەکا. چ پێوەرێک کاری کوردی پێ دەپێورێ؟ کام پێوانە بۆ بەژنی کوردایەتی و جاشایەتی و فایلڕەشی سەرانی کورد بە کار دەهێندرێ؟

ئەو شانازییە، نەک هەر شانازی نییە، بەڵکو ڕسواییە. ئاخر ئێمەی کورد میهرەبانی وای لێ کردووین لە بری ئەوەی کەرکووک بە دەست بهێنینەوە، خەریکە هەولێر و سلێمانیش دەدۆڕینین. ئەوەی بەعس ئەنجامی نەداوە،

سەرانی کورد ئەنجامیان دا. ئەوەتا شارۆچکەی "بەحرکە"ش بە بەر چاومانەوە تەعریب دەکرێ و پتر لە چوارسەد ماڵە عارەبی تێدا چێندراون. ئەوانە، وەک سنگەکەی مەلای مەشهوور و عارەبانچی و گامیشەوانەکانی کەرکووک، دەبنە بناغەی تەعریب و لە سێبەری دڵگەورەیی و لێبوردەیی کورددا گەشە دەکا و وەک زەروو لە قوڕگی کورد گیر دەبێ! کەی کورد لەم خەوی غەفڵەتە بە ئاگا دێتەوە؟

دوژمنی کورد لە هەموو بەرەیەکی شەڕەوە، شەڕیان دژی ئەم میللەتە کڵۆڵەی ئێمە بەرپا کردووە و سەرانی کوردیش بەرەی تریان لێ کردۆتەوە و ئێمەش لە پرخەی خەوداین: بازاڕی ئازاد، بۆتە بازاڕی بەرەڵا و هەرچی خواردنێک لە گەڕەکە هەژارەکاندا هەیە، لە تورکیا و ئێرانەوە دێن و وەک ژەهر دەرخواردی خەڵک دەدرێن و لەو دەرمانانەش بگەڕێ کە خوا دەزانێ بە چ کارەساتی وەک ئەوەکەی هەڵەبجە بەرپا دەکا. ئەو کەرەسانەی کە بازرگانی کورد دەیانهێننە کوردستانەوە، چونکە سەری پەتەکەیان بە دەست سیاسەتمەدارانەوەیە، کوردستانیان کردۆتە زبڵدانی تەکنیکی هەموو جیهان، بە تایبەتی کەرەسەی وڵاتە تازە پێگەیشتووەکانی ڕۆژهەڵاتی باشوور.

نە کەرکووک بەو تەرحە ڕزگار دەکرێ و نە کورد بە هیچ ئەنجامێک دەگا و ئەوەی کە بەرهەمی ئاشکرا و دیارە، دەوڵەمەندبوون و دڕانی کورسیدارانە و هیچی دی... ئەوەش هەتا سەر نابێ و دەبێ وەک داروودەستەکانی بەعس جێی بهێڵن. سەرانی کورد، لە ساڵی (1963)ەوە خەریکی گفتوگۆن و نە کۆڵ بوون و نە کول بوون و نە بێزار بوون... و نە توانییان وانەیەک فێر بن! ئەدی ئەوەی ئێستا لە بارەی کەرکووکەوە دەکرێ دووبارەکردنەوەی بەزمەکەی 1970 نییە؟ ئەم دووبارەکردنەوەیە بۆ؟ چلوچوار ساڵ گفتوگۆ بەشی سەرانی کوردی نەکرد، ئێستا کارێکی وایان کردووە، گفتوگۆیان لەگەڵ بەغدادا هەمیشەیی بێ: گفتوگۆ لە سەر داهاتی نەوت، بودجە و مەعاشی چەکدار و هەزار شتی تریش. زمانی کوردی و خوێندن، پێویست بە دوژمن ناکا دەستی تێ وەربدا، کورد خۆی وێرانی دەکا!

کاک دکتۆر کەمال کەرکووکی دەڵێ": تاوەکو ئێستا زیاتر لە 50 هەزار لە عەرەبی هاوردە بۆ کەرکوک گەڕاونەتەوە ناوچەکانی خۆیان و نزیکەی 90 هەزاری دیکەش سەرقاڵی گەڕانەوەن بۆ شوێنە ئەسڵییەکانی خۆیان و لە بەرامبەریشدا هەزارەها کەسی دەرکراو لە کوردو تورکمان سەرقاڵی گەڕانەوەن بۆسەر زێدو شوێنی نیشتەجێ بوونی ڕەسەنی خۆیان" کەچی من ئاوهام زانیوە: عارەبەکان کاغەز دەهاوننە ماڵە کوردەکانەوە و لێی دەنووسن "ارحلوا" . چەندین ماڵە کورد خەریکی بارکردن و خۆشاردنەوەن و لە خانووەکانیشیان دەنووسن (للبیع). گەنجەکانی کەرکووک، لە داخی پیاوانی حزبەکان و کۆشک و تەلارەکانیان، زاراوەی "شیمالی"یان بۆیان داهیناوە! ئەوەش لە هەموان ئاشکرایە کە تیرۆرستەکان، کوردیان لەگەڵدان و دژی میللەتی خۆیان شەڕی مان و نەمان دەکەن! ئەوە بەرهەمی چەند ساڵەی ئێوەیە! ئەوە بەرهەمی پەروەردەی نەتەوەیی حیزبەکانە! ئەوە کاردانەوەی دزی و خیانەتکاری و حیزبحیزبێنە و بەڵینە درۆکان و خەڵاتکردنی فایلڕەشەکانە. تۆ بڵێی هەموو کورد خیانەتکار بن و حیزبەکانمان بێ فایل بن؟ عارەب، لە بری ئەوەی کەرکووک بە جێ بهێڵن، هی تازەیان دێنە کەرکووکەوە، مامۆستا!... بەڵی بە وەرەقەی ئەو فایلدارانەوە دێن، کە داکۆکی لە کوردستانیبونی کەرکووک دەکەن! سیاسەتی برایەتی و تەبایی و پێکەوە ژیان قولابێ بوو لە قوڕگی کورد گیر بوو. کە تۆ کەرکووکت خستە سەر مێزی گفتوگۆوە، سەلماندت لە کوردستانیبوونی ئەو شارە بە گومانی. نەدەبوو گفتوگۆ لە سەر کەرکووک کرابا. برایەتی، هەر بۆ سیاسەتمەدارانی کورد برایەتی و سەروەت و سامانە و لە کوردیش بەڵایە!... قەسابخانەیە!... مەرگە و هیچی دی!

کەی سەرانی کورد لەوە دەگەن کە عارەب، بەعسی بێ یا ئیسلامی یا شوانی ماڵە خۆی، بە کۆیلەیی و موالێتی کورد نەبێ داناکەێ؟ کەی سەرانی کورد لەوە دەگەن شێخ مەشعان شاباشیان دەکا، بەڵام بە لوقمەی کورد قەڵەو دەبێ و پێیانەوە دەدا؟ بە ڕاستی بە تەمای گەڕانەوەی کەرکووکن بۆ سەر "هەریم"؟ چۆن و بۆچی؟ تا لەوەی خراپتر پێ بکەن کە پێی کراوە؟ هەر بە ڕاستی لەو باوەڕەدان کوردی کەرکووک پاڵپشتیتان دەکەن و دەنگتان بۆ دەدەن؟ من کەرکووکیم، بەڵام بگەڕێمەوە کوێ؟ بن خێمەی تەنیشت کۆشکەکانی ئێوە؟ من ئامادەم بۆ کەرکووک بمرم، بەڵام

ئامادە نیم تەلاری لێپرسراوی فایلدار و گومانلێکراو بپاریزم! کەرکووکی، دەبی شێوازی خەباتی خۆی بگۆڕێ و خۆی لە دەست ئەم حیزبانە راپسکێنێ، دەنا فاتیحا بۆ گیانی پاک و دڵی سافی هەموو کەرکووکییەک!

من لەگەڵ ڕاستگۆیی دکتۆر کەمالدا ڕاهاتبووم، بەڵام ئەمجارەیان گومانیک وەک دومەڵ لە دڵم دەربوو. عارەب دەڕۆن و کەرکووک چۆڵ دەکەن یا کورد چۆڵی دەکا؟ چما حیزبەکان دەوێرن بارەگایان لە ناوچەی کوردنشین دوور بخەنەوە؟ بارەگای باسەرە لە کوێ بوو و ئێستا لە کوێیە؟ من دڵنیام ئاوها بەردەوام بێ دڕک بن، لە ڕەحیماوەش خۆتان ناگرنەوە و بار دەکەنە شۆراو و گورگەچاڵ، لە ئەنجامیشدا دەبنەوە بە دۆم و قەرەجەکانی هەولیر و میسرییەکانی سلیمانی. کورد خەریکە قڕ دەکرێ و کرکە لە کەسەوە نایێ. بۆ قەسابخانەکەی شەنگال، دەبوو کورد یەکسەر هیرش بەرێتە سەر ناوچە عارەبنشینەکان نەک لە بەغداوە هەڕەشەیەکی ساردوسڕ بکرێ و ڕەحمەت بۆ گیانی قوربانییەکان بنیرێ، ئەمما ڕەحمەتێکی خەفیف! ئاخر شەڕ ئەوەیە کە ئەوان لە دژی ئێمەدا دەیکەن، نەک ئەو مەلایەکەتییەی ئێمە! ئەو، تۆ بە دوژمن دادەنێ و تۆش هەزار قورعان دەخۆی کە براین! ناچارن قەبووڵی بکەن؟ باشە ڕازیم، بەڵام مەردانە وەرنە مەیدان و بیڵێن...

چلوچوار ساڵ گفتوگۆی ناسەرکەوتوو! چلوچوار ساڵ خۆکوژیی. چلوچوار ساڵ فایلرەشی و ساختەکاری ئایدۆلۆژی و فەلسەفی و چینایەتی بەس نەبێ؟ کەی بە هەر هەموو سەرانی کورد نیوەی ئازایەتی و مەردایەتی ڕەندایەتی مەلا مستەفایان تێدا دەبێ و دەتوانن بڵێن: کاکە موۆامەرەیەکی نێودەوڵەتی گەورەمان لە سەرە و پیمان ناکرێ و خوا حافیز!

ئەدی ئێمەی کەرکووکی خەریکی چین؟ چوار ساڵ بەڵێنی درۆ و توپان پێ کردن و ژیانی بن خێمە و کونجی تەجاوەز و ناو یاریگای تۆپێن بەس نەبێ! نێزیکەی پەنجا ساڵ قارەمانێتی و خۆبەکوشتدان، لە سەرکردایەتیشدا بێ پشت و بێ کەس، بەشی ئەوەی نەکرد تێبگەین ئێمە ئامێرین و کەی پێویستیان بە قارەمانێتیمان نەما تووڕمان دەدەن؟ ئەرێ بۆ ماوەیەکە، لەوەتەی شەڕی ئەم حیزب و ئەو حیزب ناکەین، کەرکووک نە دڵە و نە قودس؟ ئاگاتان لێ نییە ئەو زاراوە دێوجامانە پێچرانەوە؟ دەبێ ئێمەی کەرکووکی فێر بین بڵێین "نا!". دڵیشم دێشێ کە دەڵێم: ئەگەر ئاوها بازرگانی بە کوردی کەرکووکەوە بکەن، دەبێ ئێمەش بە دوای سەنگەری تردا بگەڕێین و بە نینۆکی خۆمان پشتی خۆمان بخورێنین، دەنا چۆن فرۆشراوین، هەر ئاوها دەکڕدرێین و لە بێ خەبەران کەشکەک سەڵاوات!